سبەینێ بڕی دووەمی نەوتکڕی بۆغدا لە سێیدسادق دابەشدەکرێت

ئەمڕۆ شەممە قائیمقامیەتی سێیدسادق رایگەیاند، لە سبەینێوە بڕی دووەمی نەوتکڕی بۆغدا لە سنوری سێیدسادق دابەشدەکرێت.

 قائیمقامیەتی سێیدسادق لە راگەیەندراوەکدا باویکردووە، ئاگاداری هاوڵاتیان و دانیشتووانی سنووری ناوچەکە دەکەن، سبەی یەکشەممە بڕی دووەمی ئەو بڕە نەوتەی کە لایەن حکومەتی عێراق دابینکراوە دابەشدەکرێت.

قائیمقامیەتی ئاماژەی بۆشکرد، لە رێژانی داهاتووش دابەشکردنی نەوت لەناو سەنتەری شارچکەی سێیدسادق و گوندەکانی سنوورەکە بەردەوامدەبێت.

قائیمقامیەتی سێیدسادق دەڵێت، ئەو بڕە نەوتە تەنها بە کارتی زیرەکی نەوت بە هاوڵاتیان دەدرێت و هەر خێزانێک بڕی ٢٠٠ لیتری نەوتی بۆ بڕی ٦٠ هەزار دینار پێدەدرێت.